# بنیاتنانی متمانەی گشتی لە رێگەی پەرلەمانێکی وەڵامدەرەوە

## رێبەرێکی پوخت بۆ پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان

پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی

# بنیاتنانی متمانەی گشتی لە ڕێگەی پەرلەمانێکی وەڵامدەرەوە

## ڕێبەرێکی پوخت بۆ پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان

## دەربارەی پەیمانگەی دیموکراسی نیشتیمانی NDI

پەیمانگەی دیموکراسی نیشتیمانی ڕێکخراوێکی قازانج نەویستی بێلایەنی ناحکومییە، پشتگیری دامودەزگاو پڕاکتیزەکردنی دیموکراسی لە هەموو ناوچەکانی جیهان بۆ زیاتر لە سێ دەیەی کردووە. لەوەتەی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٨٣، NDI و هاوبەشە خۆجێیەکانی کاریان کردووە بۆ دامەزراندن و بەهێزکردنی ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی، پاراستنی هەڵبژاردنەکان، بەهێزکردنی بەشداریکردنی هاوڵاتیان و، کرانەوەو لێپێچینەوە لە حکومەت. لەوەتەی ساڵی ٢٠١٠ەوە، پەیمانگەی دیموکراسی نیشتیمانی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی کاری کردووە بۆ کردنەوەی نوسینگەکانی پەیوەندیکردن و گەیشتن بە هاوڵاتییان لە سەرتاسەری عێراق. لە ماوەی خولی پەرلەمانی ٢٠١٤ - ٢٠١٨، نزیکەی ١٠٠٠٠٠ هاوڵاتی سەردانی ئەو نوسینگانەیان کردووە.

## سوپاس و پێزانین

ئەو ڕێبەرە لەلایەن پەیمانگەی دیموکراسی نیشتیمانی- عێراق بە پاڵپشتی دارایی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەکراوە. سارا بێکەرمان، بەڕێوەبەری باڵای پرۆگرام و، عامر بۆتانی، بەڕێوەبەری پرۆگرام، دەقە سەرەکییەکانی ئەو ڕێبەرەیان کۆکردووەتەوەو دارشتووە. پەیمانگەی دیموکراسی نیشتیمانی سوپاسی ئەم ئەندامانەی خوارەوەی پەرلەمان و یاریدەدەرەکانیان دەکات بۆ هاوبەشیکردنیان لە ئامادەکردنی ئەم ڕێبەرە. ئەندامانی پەرلەمان: بەڕێز عبدالقهار السامرائی، خاتوو ڤیان دخیل، بەڕێز سلیم شوقی، بەڕێز خالد المفرجی، خاتوو صباح التمیمی و خاتوو نجات العبیدی. یاریدەدەرانی پەرلەمانتاران: بەڕێز عقبە الناصری، بەڕێز سۆزدار رشید نەرمۆ، بەڕێز ناجی عبدالحسن، بەڕێز عباس فاضل ، بەڕێز عمر اوس و بەڕێز فیصل عبدالهادی. جێنیفەر ڕۆلاند، بەرپرسی پێشکەوتووی پرۆگرام پێداچوونەوەی بۆ ئەم ڕێبەرەی کردووە.

NDI
NATIONAL DEMOCRATIC INSTITUTE

# پێرست


پێشەکی ٥

ڕێنمایی و ئامرازەکانی پەیوەندیدکردنێکی کارا بە هاوڵاتیان ٧

کەیسە نموونەییەکانی نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان ١٣

باشترین پراکتیزەکردن و ئەو وانانەی کە لێی فێربوون ٢٢

پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوڵاتیان بە خاڵی سەرەکی دادەنرێت بۆ بەرپرسانی هەڵبژێردراو تاوەکو بتوانن لە دەزگای یاساداناندا نوێنەرایەتی دەنگدەرانی خۆیان بکەن و وەڵامی پێداویستیەکانیان بدەنەوە. ئەو ڕێبەرە پوختە ڕێنمایی وئامرازەکان بۆ یارمەتیدانی پەرلەمانتاران بە مەبەستی زامنکردنی حوکمڕانیەکی بەدەنگەوەهاتوو و کراوە و لەخۆگری هەموو لایەنەک دەخاتەروو. ئەوەی لەو ڕێبەرەدا هاتووە بریتیە لە تێڕوانینێکی گشتی لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان و ڕێنماییەکانی ئەنجامدانی پەیوەندیکردن و ڕێکخستن و ئەنجامدانی دانیشتنەکانی گفتوگۆکردنی سیاسات و هەروەها خستنەرووی کەیسی نموونەیی لە بەرنامەی پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی لە سەر پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان. زۆر لەو کەیسانەی کە دەخرێنەروو هەوڵەکانی ئەو ئەندام پەرلەمانانە و یاریدەدەرەکانیان لە نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان دەردەخەن لەو پارێزگا تازە ئازادکراوانەی ژێر دەستی داعش بۆ ئەوەی ئەو پەند و وانانە دەربکەون کە لێیانەوە فێر دەبین و باشتر پیادەکردنەکان بخرێنەروو بۆ مانەوەمان لە پەیوەندیکردن و بەدەنگەوەچوونی بەردەوامی هاوڵاتیان لەکاتی ململانێکان و ڕاگواستندا.

## پێشەکی

ئەو کاتەی کە پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی NDI بەرنامەی پەیوەندیکردنی بە هاوڵاتیان بۆ ئەندامانی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٠ دەستپێکرد، عێراق هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ڕاگواستنی بەرەو دیموکراسیەتدا بوو. ئەو بنەما و بەهایانەی کە دیموکراسیەت پێکدەهێنن هێشتا نوێ بوون و بە دوای دۆزینەوەی شوێنپێیەك بۆ خۆیان دەگەڕان بۆ چەسپاندنیان. لەو کاتەدا دیموکراسی تەنها وەك سیستەمێك بۆ هەڵبژاردن چاوی لێدەکراو ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتیەکانی نوێنەرایەتیکردن و چاودێریکردن و یاسادانان بۆ بەرپرسانی هەڵبژێردراو وەك شتێکی شەکلی و قاوغکاری سەیری دەکرا. ئەمەش ژینگەیەکی وای دروستکردبوو کە بەرنامەکەی NDI ڕووبەڕووی گومان و خۆبەدوورگرتن لە لایەن زۆر لە ئەندام پەرلەمانەکانەوە ببێت. سەرەڕای ئەو دوودڵیەش، NDI دەرفەتی ئەوەی بینی کە بەرنامەکە بە شێوەیەکی تاقیکاری و نمونەیی لەگەڵ پەرلەمانتارانی پارتە سیاسیەکانی سەر بە کەمینەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران تاقیبکاتەوە، لەوانەش پێکهاتە کریستیانەکان و ئێزیدیەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو پێکهاتانە پێشتر لینکی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆیان دروستکردبوو.

کارکردنی سەرەتا لەگەڵ پەرلەمانتارانی سەر بە کەمینەکان کارایی خۆی سەلماند بە جۆرێك ئەو ئەندام پەرلەمانانە لە ڕێچکەکانی کار و تەکنیکەکان تێگەیشتن بۆ چۆنیەتی بەشداریپێکردن و پەیوەندیکردنیان لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆیان تاوەکو ڕایەڵەکانی پەیوەندیکردنی نێوانیان بەهێزتر بکەن و پەیوەندیەکی بنیاتنەرانە لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەتدا تۆکمە بکەن. NDI لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکان بۆ کردنەوەی نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان لە پارێزگاکانی خۆیان کاری کردوە، هەروەها لەگەڵ بوونی یاریدەدەری پەرلەمانتار بۆ پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان کە ڕووی ڕۆژانەی پەیوەندیەکانی ئەندام پەرلەمانەکە لەگەڵ کۆمەڵگە خۆجێییەکەیدا کاردەکات.

بە بینینی کاریگەری ئەرێنی ئەو بەرنامەیە و بەهێزبوونی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو ئەندام پەرلەمانانە و هاوڵاتیانیان پارتی سیاسی تر و فراکسیۆنە پەرلەمانیەکانی تریش بە وریاییەوە ئارەزوومەندبوونی

خۆیان بۆ بەشداریکردن لەو بەرنامەیە ڕاگەیاند و ئەندام پەرلەمانەکانی خۆیان ناوزەدکرد بۆ سوودمەندبوون لەو بەرنامەیە. لەو کاتەشدا کە بەرنامەکە گوڕ و تینی خۆی بەدەستهێنا و دەرئەنجامی لە ئەندام پەرلەمانە بەشداربووەکان دەستدەکەوت، پارتە سیاسیەکان دەستیان بەوەکرد کە داوای پاڵپشتی زیاتر لەو بەرنامەیە بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەرنامەکەوە ئەندام پەرلەمانی زیاتریان نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوولاتیان لە سەرتاسەری وڵات بکەنەوە. بۆیە هەمان ئەو بەرنامەی کە لە سەرەتاوە بە دوورەپەرێزی و گومانەوە پێشوازی لێکرا وای لێهات کە داوابکرێت و وەك ڕەگەزێکی سەرەکی حوکمڕانی باش ببینرێت. بۆ نمونە، وەکو یەکێك لەو پەرلەمانتارانەی کە لە لایەن NDI یەوە پالپشتیکراوە، بەڕێز خالد ئەلمفەرجی (سەر بە موتەحیدون لە کەرکوك)، دەڵێت، « من ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە تەنانەت ئەگەر نەشتوانم کەیسەکانیان چارەسەر بکەم، ئەوان خۆشحاڵن بە بینینی نوێنەرەکەیان لە تەکیانەوە و کارکردنی نوێنەرەکەیان بۆیان.»

تا ساڵی ٢٠١٨، NDI لەگەڵ ٤٨ ئەندام پەرلەمان لە ١٦ پارێزگادا کاریکردووە. لە میانەی ئەو کاتەشدا ١٥٩,٥١٧ هاوڵاتیان بینیوە و٣٦,٢٨١ کەیسیان سەبارەت بە کۆمەڵێك پرس و بابەت وەك لە دامەزراندنەوە بیگرە تا دەگاتە دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان چارەسەرکردووە و هەروەها زیاتر لە ٨,٢٠٠ بۆنە و چالاکی پەیوەندیکردنیان بە هاوڵاتیان ئەنجامداوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوپەڕی گوڕ و تینی بەرنامەکەدا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) دەستی بە سەر سێ یەکی خاکی عێراق داگرت و بە شێوەیەکی دڕندانە بۆ ماوەی نزیکەی ٤ ساڵ درێژەی بە داگیرکردنی ئەو ناوچانە دا. لەکاتێکدا هەوڵە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بۆ هەرەس پێهێنانی ئەو گرووپە توندڕەوو دابینکردنی فریاگوزاری مرۆیی بۆ ملیۆنان عێراقی چڕبووبوونەوە، NDI ڕێچکەی بەرنامەکاری خۆی گۆڕی بۆ دڵنیاکردنەوەی گەیاندنی ئەو پاڵپشتیەی پێویستە پێشکەشی ئەو پەرلەمانتارانە بکات کە سەر بەو ناوچانەن، لەوانەش گواستنەوەی نووسینگەکانی پەیوەندیکردنیان بۆ ناو کامپەکانی ئاوارەکان. دوا بەدوای بەزاندنی داعشیش، NDI بەردەوام بوو لە کارکردن لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەی سەر بە ناوچە ڕزگارکراوەکان بوون بۆ پاڵپشتیکردنیان لە پشکنینی داینامیکیەتەکانی دوای ململانێکان و داڕشتنی ستراتیژ و سیاساتەکان بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر بەرەنگاریەکانی تایبەت بە حوکمڕانی، وەکو دابینکردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتییەکان لەکاتی خۆیدا و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و دابینکردنی ئاسایش و دووبارە بنیاتنانەوە.

# ڕێنمایی و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنێکی کارا بە هاوڵاتیان[1]

لە ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکیەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیانەوە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان زانیاریان زیاتر بەدەستدەکەوێت و لە پێگەیەکی باشتر دەبن بۆ مامەڵەکردن وچارەسەرکردنی پێداویستیەکانی هاوڵاتیانیان بە شێوەیەکی ئانی و چوونیەکانە. هەروەها لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیانیانەوە و بەشداربوون لە کێشەکانی ڕۆژانەیان، بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان دەتوانن پەیوەستبوونی حکومەت بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستی و کێشەکانی هاوڵاتیان دەربخەن. سەرباری ئەوەش، بە گوێگرتنیان لە نیگەرانیەکانی هاوڵاتیان، پەرلەمانتارەکان دەتوانن زانیاری بە نرخ بەدەستبهێنن تاوەکو لە سەر ئەو بنەمایەش سیاسات و یاسای زیاتر وەڵامدەرەوە و گشتگیر دابرێژن.

## دامەزراندنی نووسینگەیەکی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان

نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان دەتوانن یارمەتیدەربن لە ڕێکخستن و لەخۆوەگرتنی خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیکردن و کارایی چالاکیەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان باشتر بکەن. ئەو نووسینگانە شوێنێکی گونجاو بۆ هاوڵاتیان دابیندەکەن تا چاویان بە پەرلەمانتارێك بکەوێت و باسی پێداویستی و نیگەرانیەکانی خۆیانیان بۆ بکەن و هەروەها دەبنە شوێنێکی ناوەندی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی هاوڵاتیان و داواکاری هاوڵاتییان بۆ یارمەتی بۆ کەسیەکانیان. نووسینگەیەکی لەو جۆرە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بینراوی و ناسینی پەرلەمانتار لەو ناوچەی کە سەر بە بنکەی جەماوەری خۆیەتی و هەروەها لە گەیاندنی پەیامێکی ئەرێنیش بە هاوڵاتیان لەبارەی پەیوەستبوونی پەرلەمانتارەکە بە کۆمەڵگە خۆجێییەکەی خۆیەوە.

- پێویستە نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان لە شوێنیك بێت کە بە ئاسانی بتوانن بۆی بچن و پێیبگەن. ڕەچاوی سەلامەتی و ئاسایشی تاکەکەسی کارمەندانی نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان و خودی هاوڵاتیان بکە کاتێك کە بڕیار لە سەر شوێنی نووسینگەکە دەدەیت، بە تایبەتیش پێویستە ئەو شوێنە ئاسان بێت بۆ ئەوەی ئافرەتان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ئاسانی پێیبگەن و سەردانی بکەن.

- پێویستە نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان جیاکراوەبێت لە نووسینگەی تر، یان دەتوانرێت، بۆ نمونە، لە ناو باڵەخانەی شارەوانی بێت. هەروەها دەشکرێت نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان لە ناو بارەگای پارتە سیاسیەکان بکرێنەوە، کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە یەکەم هەنگاوی باش بۆ بڕەودان بە پیادەکردنی پارتە سیاسیەکان بۆ پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان و زیادکردنی بینراوی و ناسراوی پارتە سیاسیەکان لە ناوچەکەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان وا ببینرێت کە کراوەیە بە ڕووی هەموو هاوڵاتیەکدا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو هاوڵاتیە هاوسۆزی یان سەر بە چ پارتێکی سیاسیە. پێویستە هەموو هاوڵاتیان، لە ناویشیاندا ئەوانەی دەنگیان بە پەرلەمانتارەکە و پارتەکەی داوە و ئەوانەشی کە دەنگیان بە پەرلەمانتارەکەو پارتەکە نەداوە، هەست بە ئاسوودەیی بکەن بۆ ئەوەی سەردانی نووسینگەکە بکەن و باسی نیگەرانیەکانی خۆیان بکەن.

[1] زانیارییەکان وەرگیراون لە سەرچاوەی خوارەوە لەلایەن پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی:
“Moving Closer to Citizens: A Manual on Outreach for Elected Representatives in Morocco,” 2016; “Practical Guide on Constituency Outreach For Members of Parliament and Constituent Outreach Office Assistants,” 2013; and “Constituent Relations: A Guide to Best Practices,” 2008.

- پێویستە ئەو نووسینگەیە تەواو گەورە بێت بۆ لەخۆوەگرتنی مێزێکی کارکردن و کۆمپیوتەرێك و کابینەیەکی فایلەکان و هەروەها مێزێك و چەند کورسەیك بۆ کۆبوونەوەکان.

- تابلۆیەکی بەرچاو و دیار لە دەرەوەی نووسینگەکە هەڵبواسە کە ناوی نووسینگەکەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیانی لە سەر نووسرابێت لەگەڵ زانیاریەکانی پەیوەندیکردن بەو نووسینگەیەوە.

- ئەگەر لە هەر ناوچەیەك گونجاو بوو، مەراسیمێکی ڕەسمی بۆ کردنەوەی نووسینگەکە ڕێکبخە، و لەگەڵیدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ئەنجامبدە یان لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسی بڵاو بکەوە، و هەمیشە بەردەوام بە لە بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن بۆ ئەو نووسینگەیە تاوەکو هۆشیاری لەبارەی بوونی نووسینگەکە و ئامانج لە بوونی ئەو نووسینگەیە لەناو هاوڵاتیان بڵاوبکەیتەوە.

## بەڕێوەبردنی نووسینگەیەکی کاراپانەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان

- پێویستە کاتژمێرەکانی هەمیشەیی کارکردن بۆ نووسینگەکە دیاریبکرێت. بۆ نموونە، لە هەموو ڕۆژێکی کاردا بە لایەنی کەم ٥ کاتژمێر کراوەبێت. وا پەسەندە کە کاتژمێرەکانی کارکردنی نووسینگە لە دوای نیوەڕوانەوە (کاتژمێر ٣ بۆ ٧) بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن سەردانی نووسینگەکە بکەن دوای ئەوەی کاری ڕۆژانەی خۆیان تەواو دەکەن.

- هەوڵبدە کە شوێنی نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان و کاتژمێرەکانی کردنەوەی نووسینگە نەگۆڕێت.

- هەوڵبدە کە ئەو ڕۆژەی کە بۆ چاوپێکەوتنی پەرلەمانتار بە هاوڵاتیان تەرخانکراوە نەگۆڕێت (بۆ نموونە، هەموو شەممەیەك تا شەممەیەك و/یان کاتێك کە پەرلەمان لە دانیشتندا نیە).

- پێویستە پەرلەمانتار هەوڵبدات کە لە نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان بەلایەنی کەم جارێك لە هەر دوو هەفتەیەکدا کار بکات. تابلۆیەك لە دەرەوەی نووسینگەکە هەڵبواسە کە لە سەری نووسرابێت کەی پەرلەمانتار ئامادەدەبێت لە نووسینگە، بۆ نموونە هەموو شەممەیەك تا شەممەیەك کاتژمێر ١٠:٠٠ تا ١٤:٠٠ لەو هەفتانەی کە دانیشتنی پەرلەمانی تێدانیە.

- بەدوای یاریدەدەرێکی کارامە بۆ نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان بگەڕێ کە ئەزموونی لە پەیوەندیکردن و سیاسەت و/ یان حکومەت هەبێت.

- پێویستە یاریدەدەری نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان بە باشی تۆماری هەموو سەردانەکان بۆ نووسینگەکە بپارێزێت. ئەو زانیاریانە گرنگن بۆ بەدواداچوون بە دوای کەیسەکانی هاوڵاتیان و بۆ مەبەستی داڕشتنی سیاسات و یاساکان. ئەو داتا و زانیاریانە لەکاتی پەیوەندیکردنەوە بە هاوڵاتیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا بەسوود دەبن.

- فۆرمەکان بۆ بەدواداچوون و تۆمارکردنی کەیسەکانی هاوڵاتیان بەکاربهێنە.

- دەرفەت بۆ یاریدەدەری نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان برەخسێنە کە لە میانەی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ هاوڵاتیاندا تێبینیەکان تۆماربکات و بەم جۆرەش دەتوانیت دواتر جەخت لە سەر ئەو شتانە بکەیتەوە کە هاوڵاتیان دەیڵێن.

- چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو لەگەڵ هاوڵاتیان کاریگەرترە لە پەیوەندیکردن بە نامە و ئیمێل، بەڵام هەوڵبدە کە

زیاتر لە ١٥ خولەك بۆ هەر چاوپێکەوتنێك لەگەڵ تاکە هاوڵاتییەك تەرخان نەکەیت. ئەمەش وادەکات کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەکی زیاتری هاوڵاتیان ئەنجامبدەیت.

- زۆر کارایانەتر و لەرووی ڕێکخستنی کاتیشەوە باشتر دەبێت کە کۆبوونەوەکانت لەگەڵ هاوڵاتیان پێشوەختە دیاریبکەیت وبیانخەیتە خشتەی کارەوە.
- وا پەسەندە کە «سیاسەتی دەرگای کراوە» پیادەبکرێت بە جۆرێك هەموو هاوڵاتیان هەست بەوە بکەن کە پێشوازیلێکراون و بەخێرهاتنیان دەکرێت کاتێك کە سەردانی نووسینگەکە دەکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو هاوڵاتیانە کێن. تۆ تەنها ئەوکاتە سوودمەند دەبیت ئەگەر خەڵکی زیاتر بێن و سەردانی نووسینگەکەت بکەن.

## مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی هاوڵاتیان

دەکرێت وەرگرتن و وەڵامدانەوە و بەدواداچوونی بەرەوپێشچوون لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتیان وردبکرێنەوە و بەش بەش بکرێن بۆ پرۆسەیەکی چەند هەنگاوی بەڕێوەبردنی کەیسەکانی هاوڵاتیان. مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان مانای کارکردنە لە ڕێگەی دامەزراوە گشتییەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی تاکە کێشەکانی (کەیسەکانی) هاوڵاتیان.

### وەرگرتنی کەیسەکە

ئەگەر کەیسی هاوڵاتییەکت وەرگرت و قبوڵتکرد پێویستە بەو هاوڵاتیە بڵێیت کە ئەو هەنگاوانە چین دەیانگریتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی. لە هەر بەرەوپێشچوونێك لەکاتی هەوڵدانت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەیسە هاوڵاتییەکەی لێ ئاگاداربکەوە. تۆماری ئەو چاوپێکەوتن و پەیوەندیە تەلەفۆنی و نامانە بپارێزە کە ئەنجامتداون لە میانەی پرۆسەی چارەسەرکردنی کەیسی هاوڵاتیان.

### ڕەوانەکردنی کەیسەکە

ئەگەر پرسێك یان کەیسێکی تایبەت لەلایەن هاوڵاتییەکەوە بەرزکرایەوە و دەرکەوت کە ئەمە شتێکە تۆ ناتوانیت ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکەیت یان چارەسەری بکەیت، ئەوا پێویستە ئەو کەیسە و هاوڵاتییەکە ڕەوانەی لای ئەو دامەزراوە تایبەتمەندە بکەیت کە بەرپرسە لە چارەسەرکردنی ئەو جۆرە پرسانە. لەو حاڵەتەشدا بە هاوڵاتییەکە بڵێ کە کەیسەکەی ڕەوانەی لای ئەو دامەزراوە دەکەیت و پەیوەندی بە نوێنەرێك لە دامەزراوەکە بکە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەیتەوە لەبارەی ئەو کەیسە تایبەتەوە و هەروەها ڕێنماییش بدە بە هاوڵاتییەکە لەبارەی ئەوەی کە چۆن بە باشترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیە بکات. پێویستە هەموو کەیسە ڕەوانەکراوەکان لە دەفتەری تۆمارەکانتدا وەك کەیسی چارەسەرکراو تۆماربکرێن.

### ڕەتکردنەوەی کەیسەکە

زۆر جار پێویستە بە هاوڵاتیان بڵێیت نەخێر و کەیسەکانیان ڕەتبکەیتەوە. بۆ نموونە، پێویستە لە سەر ئەندامانی پەرلەمان ئەو کەیسانە وەرنەگرن کە دەکەونە ژێر تایبەتمەندی کاری سیستەمی دادگەری و هەروەها ئەو داواکاریانەش کە بۆ دامەزراندن دەکرێن و پەرلەمانتارەکە لە توانایدا نەبێت جێبەجێیان بکات. باشترە لە سەرەتاوە بڵێیت نەخێر لە بری ئەوەی بڵێیت بەڵێ و دواتریش نەتوانی ئەنجامیبدەیت.

### پاراستنی تۆمار

زۆر گرنگە کە لە هەر یەکێك لە نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان تۆماری وردی هەموو سەردانەکانی هاوڵاتیان و کۆبوونەوەکان و ئەو بەرەوپێشچوونانەی لە میانەی چارەسەرکردنی کەیسەکانی هاوڵاتیان بەدەستهاتوون ئەنجامبدرێت. پێویستە لە سەر نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان سیستەمێکی گشتگیر و بەرفراوانی پاراستنی فایلەکان و دۆکیومێنتکردن دابڕێژێت. هەروەها پاراستنی ورد و دروست و کارایانەی تۆمارەکان گرنگە

بۆ شیکارکردنی ئەوەی کە ئەو پرسانەی زیاتر جێگەی نیگەرانی هاوڵاتیانن چین. دەکرێت زانیاریەکان لەبارەی کەیسەکانی هاوڵاتیان سوود بەخش بێت کاتێك کە پەرلەمانتارەکان و ئەو پارتە سیاسیانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن هەڵدەستن بە داڕشتنی سیاساتێکی تایبەت لەبارەی ئەو پرسە سەرەکیانەی کە ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە و لەو کاتانەشدا کە بڕیار لە سەر ستراتیژیەتەکانی هەڵمەتکردن دەدەن.[٢]

## ئەنجامدانی چاڵاکیەکانی پەیوەندیکردن بە دەنگدەرانەوە

دەکرێت بەرپرسانی هەڵبژێردراو تێکەڵەیەك لە ڕێگەی جیاواز بەڵام پەیوەندیدار بەیەکەوە بۆ پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان بەکاربهێنن، وەکو دانیشتنەکانی گفتوگۆی سیاسات و ئەنجامدانی ڕاپرسی و چاڵاکی و بۆنە تایبەتەکان و سەرباری ڕێگە فەرمی و نافەرمیەکانی تری پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان. ئەو ڕێگەی پەیوەندیکردنەش هەر چی بێت ئامانجی بنەڕەتی لەو پەیوەندیکردنە بریتیە لە دروستکردنی دیالۆگێك لە نێوان پەرلەمانتاران و ئەو هاوڵاتیانەی کە ئەوان نوێنەرایەتیان دەکەن.

### چاڵاکیەکانی ئەندامانی پەرلەمان

- هەر دوو هەفتە جارێك چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو لەگەڵ هاولاتیان.
- کارکردن لە سەر چارەسەرکردنی تاکە کەیسەکانی هاوڵاتیان.
- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی جەماوەری لەگەڵ هاوڵاتیان لە دەرەوەی نووسینگەی پەیوەندیکردن.

[٢] "Practical Guide on Constituency Outreach For Members of Parliament and Constituent Outreach Office Assistants"

- سەردانیکردنی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە شوێنە دوورەکان دەژین و بە ئاسانی ناتوانن سەردانی نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان بکەن.
- کارکردن لە پەرلەمان لە سەر ئەو دەستپێشخەریانەی کە لە هاوڵاتیانەوە بەدەستی گەیشتوون، وەك پێشکەشکردنی پرسیاری پەرلەمانتاران و داڕشتنی یاسا و هەموارکردنەکان و نووسینی نامە بۆ ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکاری و بەرپرسانی تر لە دامەزراوەکانی دەوڵەت.
- بەشداریکردن لە بەرنامە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکان.

### چاڵاکیەکانی یاریدەدەری نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان

- داڕشتنی ستراتیژیەتێك بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان بۆ پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان.
- بەلایەنی کەم بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر کارکردن لە نووسینگەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان لە هەموو ڕۆژێکی کاردا.
- پێشوازیکردن لە سەردانیەکانی هاوڵاتیان و تۆمارکردنی پرسەکانیان و هەروەها دانانی وادەی چاوپێکەوتن بۆ هاوڵاتیان لەگەڵ ئەندام پەرلەمان.
- ڕێکخستن و نووسینی تۆمارێکی پارێزراو بۆ هەموو سەردانیکردن و کەیسەکانی هاوڵاتیان.
- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکان بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکەوە پێی دەدرێت.
- ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لەبارەی ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە بەدەستهاتوون سەبارەت بە چارەسەرکردنی کەیسەکانیان.

- دارشتن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی بانگەشەکردن بۆ ئاساندنی نووسینگەی پەیوەندیکردن و هەواڵنامەکان و هەروەها ڕاپرسیەکان لەسەر هاوڵاتیان.
- یارمەتیدانی پەلەمانتار لە ئەرکی وەکو پرۆژەکانی توێژینەوە و ئەرکەکانی تایبەت بە هاوڵاتیان و کارەکانی پەرلەمانتار لە پەرلەمان.
- ڕێکخستنی دانیشتنەکانی گفتوگۆی سیاسات و گوێگرتن و بۆنە و چالاکیە تایبەتەکان بۆ پەلەمانتار لەگەڵ هاوڵاتیاندا.

## ڕێکخستنی دانیشتنی گفتوگۆکردنی سیاسات

دانیشتنی گفتوگۆکردنی سیاسات بریتیە لە کۆبوونەوەیەکی کراوە بۆ خەڵکی گشتی کە تیایدا دەتوانن بیرۆکە و بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە پرسێکی تایبەت لەگەڵ یەکدا ئاڵوگۆڕ بکەن. دانیشتنەکانی گفتوگۆکردنی سیاسات باوترین ڕێگەن بۆ بەرپرسانی حکومی و نوێنەرانی هەڵبژێردراو و هاوڵاتیان تاوەکو بەیەکەوە کۆببنەوە و گفتوگۆی ئەو پرسانە بکەن کە جێگەی بایەخ و نیگەرانی خەڵکی گشتین. ئەو جۆرە دانیشتنە بە شێوەیەکی ئاسایی جەخت لەسەر یەك پرس یان یەك کێشە دەکەنەوە و زۆربەی جار لەلایەن ڕێکخراوێکەوە یان دامەزراوەیەکی حکومەت ئەنجامدەدرێن. ئەو جۆرە دانیشتنانە بە شێوەیەکی تایبەت سوودبەخشن بۆ دەستپێکردنی رایەڵەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان هاوڵاتیان و حکومەت و هاندانی گفتوگۆ و دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی کێشەکان و دارشتنی چارەسەریەکان بۆیان.

## لیستی پێداچوونەوەی پێداویستیەکان بۆ دانیشتنی گفتوگۆی سیاسات

| پێش ئەنجامدان |
|---|
| ○ **دانانی لیستی ناوی بەشداربووان.** |
| ○ **دارشتنی فۆرمی ناوتۆمارکردن، لەناویشیدا هەموو زانیاریەکانی تر.** |
| ○ **دارشتنی داوەتنامەکان، کە هەموو زانیاریە پێویستەکان لەخۆوەبگرێت وەکو شوێن و کات و مەبەست.** |
| ○ **لیستی زانیاریەکانی پەیوەندیکردن (ئیمێل و ژمارەی مۆبایل) بۆ بەشداربووان ئامادەبکرێت.** |
| ○ **هۆڵ یان ژووری دانیشتنی گفتوگۆکە دەستنیشانبکرێت.** |
| ○ **شێوازی ئامادەکردنی هۆڵەکە ڕێکبخرێت، دانانی شوێنی دانیشتنی ئامادەبووان دیاریبکرێت.** |
| ○ **ئەو بەشەی دانیشتنەکە کە بۆ چاودێران/خەڵکی گشتی تەرخاندەکرێت دەبێت دەستنیشانبکرێت و بە ڕوونی دیاریکرابێت بۆ ناسینەوە.** |
| ○ **مێزی سەرەکی بۆ ئەندام پەرلەمان یان بەڕێوەبەری دانیشتنەکە، و لە ناوەڕاستی ژوورەکە دابنرێت.** |
| ○ **شوێنی نوێنەرانی میدیا تەرخانبکرێت و بەڕوونی دیاریبکرێت.** |
| ○ **پێگەی دیاریکراو بۆ کامیرای تەلەفزیۆنەکان و فۆتۆگرافەرەکان دەستنیشان بکرێت.** |
| ○ **مایکرۆفۆنەکان لەسەر مێزەکە دابنرێن.** |

- ○ فۆلدەری زانیارییەکان کە هەموو زانیارییە پەیوەستەکانی تێدابێت (پرۆژە یاسا، سکاڵاکان و پەڕاوی توێژینەوەکان) بۆ پەرلەمانتار ئامادە بکرێت.
- ○ ئەگەر پێویست بوو، ئامێرەکانی تۆمارکردنی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە لە شوێنی خۆیان دانرابن و هەروەها کاربکەن و تێکنەچووبن.
- ○ تابلۆی «بەکارنەهێنانی مۆبایل» چاپبکرێت و لە شوێنە بەرچاوەکان هەڵبواسرێت.
- ○ لیستی تۆماری ناوەکان ئامادەبکرێت و چاپبکرێت.
- ○ بانەرو لافیتەکانی بانگەشەکردن چاپکرابن لە شوێنی گونجاوی خۆیان دانرابن.
- ○ خاڵەکانی سەردێری قسەکردن بۆ ئەندام پەرلەمان ئامادەبکرێت.
- ○ داوەتنامەکان بنێردرێن بۆ بەشداربووان.
- ○ بەشداربووان تەلەفۆنی دڵنیاکردنەوەی ئامادەبوونیان و دووپاتکردنەوەی بەدەستگەیشتنی ئیمێڵەکانیان بۆ بکرێت.
- ○ فۆرمەکانی تۆمارکردن پڕبکرێنەوە و وەربگیرێنەوە لە هەموو ئەو بەشداربووانەی کە دووپاتی ئامادەبوونی خۆیان کردۆتەوە.

## لەمیانەی چالاکیەکە

- ○ شوێنەکە دووبارە بپشکێنرێت و دڵنیابکرێتەوە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بەر لە چالاکیەکە.
- ○ لە کاتی تەواوی خۆی دەستپێبکە و کۆتایی پێبهێنە.
- ○ دڵنیای ئەوە بکرێتەوە کە ئەو کەسەی سەرۆکایەتی دانیشتنەکە دەکات مەبەستی ئەو کۆڕبەندە ڕوونبکاتەوە و کەسانی قسەکەر بناسێنێت.
- ○ ئاگاداری لەبارەی چالاکیەکانی داهاتوو ئەنجامبدە.
- ○ پرسیار لە ئامادەبووان وەربگرە بەڵام خۆبەدوور بگرە لەوەی دەرفەتی وتاردانیان پێبدەیی.
- ○ دڵنیای ئەوە بکەوە کە ئەو کەسەی سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنە دەکات هەم توووند و هەم دادپەروەر بێت.
- ○ دڵنیای ئەوە بکەوە کە ڕۆژنامەنووسان نەبنە هۆی پچڕاندنی چالاکیەکە لە ڕێگەی دەرهێنانی بەشداربووان لەناو چالاکیەکە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن.

## دوای ئەنجامدان

- ○ بە شێوەیەکی نووسراو سوپاسی میوانانی قسەکەر و خۆبەخشان بکە.
- ○ دواتر نامە بنووسە بۆ ئەوانەی کە ئامادەبوون و ئەوانەشی کە ئامادەنەبوون کە ڕاپۆرتی دانیشتنی گفتوگۆی سیاسەتەکە بڵاوبکەنەوە.
- ○ تەلەفۆن بۆ هەندێك لە ڕۆژنامەنووسانی بە ئامانجکراو بکە و زانیاریان پێبدە لەبارەی دانیشتنی گفتوگۆی سیاسەتەکە.
- ○ چارەسەری تێچووی هۆڵەکە و تێچووە لابەلاکانی تریش بکە.
- ○ بەدواداچوون بکە بۆ کارە پێویستانەی کە پێویستە بگیرێنە بەر وەک دەرەنجامێک بۆ دانیشتنی گفتوگۆی سیاسات.


# کەیسە نمونەییەکانی نووسینگەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان

## عبدولقەهار ئەل سامرائی، موتەحیدون، سەلاحەددین.

لە ساڵی ٢٠١٥ ، NDI دەستیکرد بە پاڵپشتیکردنی پەرلەمانتار عبدالقهار السامرائی و لەگەڵیدا کاری کرد بۆ کردنەوەی نووسینگەیەك لە شارەکەی خۆی لە سامەرا لە پارێزگای سەلاحەددین. بە ماوەیەکی کورت دوای کردنەوەی نووسینگەکە، داعش دەستی بەسەر پارێزگاکەدا گرت و هەزاران خەڵکی ناچارکرد کە لە ماڵەکانی خۆیان هەڵبێن و ئاوارە بن. هەوڵدانی ئەو بۆ ئەوەی خزمەتی ئەو هاوڵاتیانەی خۆی بکات کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە بە پارێزگاکەدا و تەنانەت لە سەرتاسەری وڵاتدا پەرش و بڵاو بوونەوە ئەوەی سەلماند کە لە سەرەتا ئەو پەرلەمانتارە ڕووبەرووی بەرەنگاریەکی گەورە ببێتەوە، بەڵام ئەو هەر زوو خۆی گونجاند لەگەڵ ئەو بارە تازەیە و دەستیکرد بەوەی کە چاوی بە هاوڵاتیانی خۆی لە هەرشوێنێك کە بە ئاوارەیی بۆی چووبن بکەوێت. بە چەسپاندنی یەکێك لە ڕێسا سەرەکیەکانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان - «برۆ بۆ دەرەوەی نووسینگە» - ئەو پەرلەمانتارە و یاریدەدەرەکەی دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی خشتەیەکی پڕ و تۆکمەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان لە سەرتاسەری پارێزگاکە. بە گوێگرتن لە نیگەرانیەکانی هاوڵاتیانی خۆی و زانینی نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی لە ناوچەکانی ئاوارەبوون وایکرد کە ئەو پەرلەمانتارە هەوڵەکانی زیاتر بکات بۆ هەماهەنگیکردن لە نێوان بەرپرسانی مرۆیی و ئەمنی بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە ئاوارەکان پێداویستیە سەرەتاییەکانیان بەدەستبگات تاوەکو بەشێك لە نەهامەتیەکانیان کەمبکرێتەوە.

دوابەدوای ڕزگارکردنی پارێزگای سەلاحەددین لە ساڵی ٢٠١٧، خەڵکانی ئاوارە بە ئومێد بوون و باوەڕیان هەبوو کە بە خێرایی دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بەڵام، بوونی ژێرخانێکی تێکشکێنراو و کەمی پاڵپشتی

### سەردانیکردنی هاوڵاتیان




لە میانەی سێ ساڵدا، ئەو نووسینگەیە پێشوازی لە نزیکەی ٦٠٠٠ سەردانی هاوڵاتیان کردووە و لەناویشیاندا ١٦١٢ یان ئافرەتن

حکومەت بۆ بنیاتنانەوە و دووبارە کردنەوەی دەرگای دامەزراوەکانی بوونە ڕێگر لە بەردەم پرۆسەی گەڕانەوەی خەڵکەکە. ئەو پەرلەمانتارە ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی فشاری جەماوەری لە سەر حکومەت گێڕا لە ڕێگەی میدیا و بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی چاودێریکردنی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا بۆ حکومەت تاوەکو گەڕانەوەی ئاوارەکان خێراتر بکات. و لە دەرئەنجامی هەوڵەکانی، ئەندام پەرلەمان عبدولقەهار کارئاسانیکرد بۆ دووبارە کردنەوەی دەرگای ئاژانس و دامەزراوەکانی حکومەت لە پارێزگاکەدا وەك بەڕێوەبەرایەتی ناسنامە و بەڕێوەبەرایەتی ئاو و بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینان کە هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە وایانکرد پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان ئاسانتر بێت. سەرباری ئەوەش، ئەو پەرلەمانتارە دەستیکرد بە چارەسەرکردنی بەرەنگاریە نوێیەکان کە

دوای گەڕانەوەی ئاوارەکان سەریان هەڵدابوو، لەوانەش پرسەکانی تایبەت بە سەلامەتی و ئاسایش وەك کێشەی بوونی گرووپی چەکداری جۆراوجۆر لە پارێزگاکەدا. زیادبوونی ژمارەی بازگە ئەمنیەکان ڕێگریان لە بەردەم ئازادی هاتووچۆی هاوڵاتیان دروستکردبوو، ئەمەش وایکرد ئەو ئەندام پەرلەمانە داکۆکی بکات لە سەر ئەو پرسە لە بەرامبەر بەرپرسە ئەمنیەکان لەبری هاوڵاتیانی خۆی و فشاری جەماوەری بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆ دروست بکات تاوەکو ژینگەیەکی سەلامەتی باشتر لە سەلاحەددین دروستبکرێت.

دوای وەرگرتنی کەیسەکانی هاولاتیان لە سەرتاسەری پارێزگاکە لەوانەش لە شوێنە دوور و گوندنشینەکان، ئەو ئەندام پەرلەمانە ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە پێویستە لە سەری لەو کاتە هەستیار و ڕاگوزەرەی بنیاتنانەوەدا زیاتر خۆی بەردەست بکات بۆ هاوڵاتیانی خۆی لە کاتێکدا ئاوارەکان دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. هەر بۆیەش بڕیاریدا کە دوو نووسینگەی تر کە یەکێکیان لە تکریت و ئەوی تریان لە بەغداد بکاتەوە لەو دوو شوێنەی کە هێشتا ئاوارەکان نیشتەجێبوون. لەلای خۆیەوە NDI ڕاهێنانی بۆ دوو یاریدەدەری تری نووسینگەی پەیوەندیکردنی بە هاوڵاتیان ئەنجامدا بۆ ئەوەی ئەو دوو نووسینگەیە بەڕێوەببەن.

سەرباری پاڵپشتیکردنی ئەندامانی پەرلەمان و یاریدەدەرانیان لە هەوڵەکانی قۆناغی گواستنەوەی دوای ململانێکان، جەختکردنەوەیەکی سەرەکی بەرنامەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان لە لایەن NDI بریتی بوو لەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان هەڵبستن بە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی پرۆسەکانی پەیوەندیکردن بە هاولاتیان و سیاساتە گشتیەکان بە شێوەیەك کە وەڵامدەرەوە و هەموو لایەك لەخۆوە بگرێت. لەم ڕووەشەوە، بۆ پالپشتیکردنی هەوڵە چڕەکانی پەیوەندیکردنی ئەندام پەرلەمان عبدولقەهار لە سەرتاسەری پارێزگاکە، NDI بە بەردەوام هانیداوە بۆ بەرفراوانترکردنی هەوڵەکانی تاوەکو هاوڵاتیانی سەر بە باکگراوەندی جیاوازی نەژادی و تایفی و ئایدۆلوژی لەخۆوەبگرێت. وەکو زۆر لە بوارەکانی تری بەرنامەی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان، ئەو بوارەش لە سەرەتاوە بە خۆ بەدوورگرتن لێی دەستی پێکرد؛ بەڵام، بە تێپەڕبوونی کات، ئەو ئەندام پەرلەمانە و یاریدەدەرەکەی بۆیان دەرکەوت کە هاوڵاتیان لەگەڵیان وەڵامدانەوەیان زۆر ئەرێنییە لە کاتێکدا ئەو پەرلەمانتارە و یاریدەدەرەکەی گوێیان بۆ هەموو هاوڵاتیەك ڕاگرت بەبێ ڕەچاوکردنی باکگراوند و ئینتیمای ئەو هاوڵاتیانە. ئەو ئەندام پەرلەمانە دەڵێت، «لە سەرەتا گرنگی ئەو بەرنامەیەمان نەدەبینی، بەڵام تاوەکو زیاتر کەوتینە ناو وردەکاری پێکهاتەکانی ئەوا زیاتر گرنگیەکەیمان بۆ دەردەکەوت بەتایبەتیش کاتێك کە دەستمانکرد بە پەیوەندیکردن لەگەڵ گرووپی جیاواز کە دواتر لەگەڵمان وەستانەوە لەکاتی هەڵبژاردندا».

بەهەمان شێوە، کاتێك کە NDI چەمکی دانیشتنەکانی گفتوگۆی سیاساتەکانی ناساند - بە بەکارهێنانی شێوازی کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ کۆکردنەوەی بۆچوونی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بونیادی لەسەر پرسەکان — لە سەرەتادا ئەو پەرلەمانتارە و یاریدەدەرەکەی بەرەنگاری بیرۆکەکە بوونەوە. بەڵام هەر کە ئەو پەرلەمانتارە و یاریدەدەرەکەی ئەو چەمکەیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە یەکسەر سوودی ئەو جۆرە گفتوگۆ ڕێکخراو و بونیادیانەیان بینیی و دانیان پێدانا. ئەو ئەندام پەرلەمانە دەڵێت، «دانیشتنەکانی گفتوگۆی سیاساتەکان ڕێگەی پێدایین بگەینە ڕەگ و ریشەی کێشەکان چونکە بەشداربووان زیاتر بە کراوەیەی قسە دەکەن لەو جۆرە دانیشتنانە بە پێچەوانەی دۆخە فەرمیەکان»، هەروەها گوتیشی، « و زانینیی ڕەگ و ریشەی کێشەکان ڕێگەی بە ئێمە دا چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە.»

## ڤیان دەخیل، ئێزیدی، نەینەوا

داگیرکاری داعش بۆ پارێزگای نەینەوا وێرانکاری و کاولکاری گەورەی لەگەڵ

خۆیدا هێنا، لەنێویەوە، بەئامانجکردن و جینۆسایدکردنی سیستیماتیکی کۆمەڵگەی ئێزیدی. هەموو گوندەکان بەتەواوی وێرانکران، بە هەزارەها پیاو کوژران و بە هەزارەها ئافرەت و منداڵ رفێندران، کە لەنێویانەوە زیاتر لە ٣٠٠٠ ئافرەت و کچی ئێزیدی هێشتا ونن. لەنێو هەموو ئەمانە، پەرلەمانتار ڤیان رەتیکردووە بێدەنگ بمێنێت. وەک تاکە پەرلەمانتاری هەڵبژێردراوی ئێزیدی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق، وتەیەکی پڕ لە سۆزی لە پەرلەمانی عیراقدا پێشکەش کرد بۆ ئاراستەکردنی هەوڵەکان بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئەو کارەساتەی کە بەسەر کۆمەڵگەی ئێزیدیدا هات. وتەی خاتوو ڤیان لە پەرلەمان، کە بە گریان و کەوتنەخوار کۆتا هات، دەنگدانەوەیەکی جیهانی بەدوایخۆیدا هێناو بووە هۆی بەدەنگەوەهاتنێکی بەپەلە بۆ رزگارکردن و فریاکەوتنی ئێزیدیەکان. دوا بەدوای ئەوە، خاتوو ڤیان لەگەڵ سوپای عیراقی بە ئەرکێك رۆیشت بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بۆ ئەو ئێزیدیانەی کە لەسەر چیای شنگال گیریان خواردبوو. هەروەها هەوڵەکانی داکۆکیکردنی خاتوو ڤیان بۆ نوێنەرایەتیکردن و قسەکردن بە ناوی کۆمەڵگەکەی، یارمەتیدەربوون کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نوسینگەیەک دابمەزرێنیت بۆ رزگارکردنی ئافرەتانی ئێزیدی کە لە لایەن داعشەوە فڕێندرابوون و هەروەها بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی سایکۆلۆجی بۆیان.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی هاوڵاتییانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی خاتوو ڤیان لە سەرانسەری وڵات و کەمپەکانی ئاوارەکان، خاتوو ڤیان دەستیکرد بە هەمەجۆرکردنی هەوڵەکانی گەیشتن و پەیوەندیکردن بە هاوڵاتییانی ئێزیدی بۆ دڵنیابوون لەوەی تا پێیبکرێت بگات بە زۆرترین هاوڵاتی. لەوکاتەی کە لە سەرەتادا زۆر بە پەرۆشەوە نەیدەڕوانییە بیرۆکەی ئەنجامدانی کاری داڕشتنی سیاساتدا، هەر زوو درکی بە سوودی ئەو جۆرە بەشداریپێکردنەی کرد، چونکە رێگەی پێدەدا کە گەیاندن و دیالۆگ لەگەڵ هاوڵاتییانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیدا بکات، بەشێوەیەکی

زیاتر مانادارانە و دەرفەتی پێدا بۆ ئەوەی دیدگایەکی قووڵتری هەبێت و شیکارێکی باشتری هەبێت بۆ بارەکە. بۆ نمونە، پاش بەڕێوەبردنی چەند دانیشتنێکی گفتوگۆی سیاسات لەسەر رۆڵی ئافرەتان لە دروستکردنی ئاشتی، زانی کەوا هەروەها ئافرەتانی موسڵمانیش لە نێو بازنەی هەڵبژاردنی ئەودا، ئەوانیش دەناڵێنن و ئەوانیش بەئامانجکراون و بە درۆ تۆمەتبارکراون بە پشتگیریکردنی داعش، تەنها لەبەرئەوەی موسڵمانن و زانی کەوا بەر لەو بەشداریپێکردنانە (گەیشتن بە هاوڵاتییان) وێنەی تەواوی بارەکەی لە لا نەبوو. هەروەک بە پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانیNDI گوت،«ئەو گفتوگۆیانە بوارێکی ئاسوودەی دابینکرد بۆ ئەوەی هەموو دەنگەکان ببیسترێن.» لە وەڵامدانەوەی بۆ ئەوە، خاتوو ڤیان کاری پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو توێژەدا زیاتر کرد بۆ پیشاندانی پابەندبوونەکەی بۆ خزمەتکردنی بەرژوەندییەکانیان و لەنێو کۆمەڵگەی ئێزیدیدا کاریکرد بۆ ئەوەی نەهێڵێت بیرۆکەی خراپ دروستببن و تیشکی خستە سەر باری ئافرەتانی موسڵمان.

وەک بە شێک لە هەوڵەکانی بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندن لەگەڵ هاوڵاتییاندا، پەرلەمانتارو یاریدەدەرەکەی ئاگادارکرانەوە لە باری خراپی خوێندن لە کەمپەکانی ئاوارەکاندا. لە بەدەنگەوەهاتنیدا، پەرلەمانتار کاریکرد بۆ کردنەوەی کتێبخانەیەک لەنێو کەمپی ئاوارەکاندا لەژێر دروشمی «خوێندنەوە لە کاتی ئاوارەبووندا». پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانی بە هەزارەها بڵاوکراوەی بۆ پشتگیریکردن لە دەستپێشخەرییەکەی پێی بەخشی. هەروەها پەرلەمانتارەکە شوێنێکی بۆ منداڵانی لە کەمپی شاریا، لەنزیک دهۆک، کردەوە کە لەوێ منداڵان دەیانتوانی فێری خوێندنەوەو نووسین و وێنەکێشان و ژەنینی مۆسیقا ببن.

لەو کاتەی کە نەیدەتوانی دووبارە نووسینگەکەی بکاتەوە بە هۆی ئاوارەبوونی خەڵک، بەڵام هێشتاش پەرلەمانتارەکە توانی کێشەکانی هاوڵاتییانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی کۆبکاتەوە. پاش شیکردنەوەی کێشەکان کە درابوون

بە نووسینگەکە، پەرلەمانتارەکە هاوشان لەگەڵ هاوکارەکەی بۆیان بەدیار کەوت کەوا کێشەی بێکاری لاوان کێشەی هەرە گەورەیەو ئەولەویەتە لەنێو هاوڵاتییانی بازنەی هەڵبژاردنیدا. بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەمە، داوای لە حکومەت کرد کە شنگال بخاتە نێو پلانەکانی نیشتەجێکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەو لە هەوڵەکەشیدا سەرکەوتووبوو. لەبەرئەوەی حکومەت نەیتوانی پارچە زەوییەک تەرخانبکات بۆ پرۆژەکانی دروستکردن، پەرلەمانتار ڕازیبوو کە پارچە زەوییەکی خێزانەکەی ببەخشێت، بەو مەرجەی کە ئەوانەی کاردەکەن تەواو شیاوبن، ئەو کەسانەی کە وەرگیران خەڵکی شنگال بوون. وەک دەرەنجامێک بۆ ئەو هەوڵانە، توانی کار بۆ کەسانی لاو لە بازنەی هەڵبژاردنیدا بەدەستبێنێت.

## سەلیم شەوقی، حیکمە، بەسرە

پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی یارمەتی پەرلەمانتار سەلیم شەوقی دا لە کردنەوەی نووسینگەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڵاتییان لە ناحییەیەکی باکوری بەسرە لە ساڵی ٢٠١٥دا. پاش یەک ساڵ لە پرۆگرامەکەو، بینینی سوودی نووسینگەکە، پەرلەمانتارەکە سەربەخۆیانە چوار نووسینگەی تری کردنەوە لە چەند قەزایەکی جیاوازی پارێزگاکەدا بۆ ئەوەی زیاتر بە هاوڵاتییانی نێو بازنەی هەڵبژاردنەکەی بگات. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو نووسینگانە کارمەندیان هەیەو بەشێوەیەکی شیاو بەڕێوەدبرێن، پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانی یارمەتی هاوکارانی نوێی پەرلەمانتارەکەیان دا لە نووسینگەکانی پەیوەندیکردن لە بەکارهێنانی زانیاری و سەرچاوەکانی خولی ڕاهێنانەکانی پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانی. بە هەمان شێوە، هاوکاری پەرلەمانتارەکە لە نووسینگەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڵاتییان ڕاهێنانیکرد بە ئەندامانی تری پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا سەر بە هەمان پارتی سیاسی لەسەر پەیوەندیکردن بە هاوڵاتییان لە بازنەی هەڵبژاردندا.

یەکێک لەو بەرنگارییە باوانەی کە ڕووبەڕووی ئەندامانی هەڵبژێردراو دەبێت لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گواستنەوەدان نەبوونی تێگەیشتنی هاوڵاتییانە بۆ پرۆسەی سیاسی و نەتوانینیانە لە جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتی یاسادان و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی حکومەت. پەرلەمانتار شەوقی و یاریدەدەرەکەی زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو بەرنگارییە بوونەتەوە کاتێک هاوڵاتییان پەیوەندییان بە پەرلەمانتارەکە کردووە بە هۆی بوونی نیگەرانییەک یان داواکارییەک و پێشبینیکردنیان کەوا دەبێت یەکسەر چارەسەربکرێت.

یەکێک لە پرۆگرامەکانی پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانی بریتی بوو لە ڕێنماییکردنی پەرلەمانتار و هاوکارەکەی لەسەر چۆنییەتی ڕۆشنبیرکردن و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتییانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیاندا دەربارەی ئەو پرۆسە مەدەنییە لەو کاتەی کە کاریان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەیەک دەکرد. بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسەی لێکتێگەیشتن، پەرلەمانتار شەوقی و هاوکارەکەی هەندێک لە بەشەکانی چالاکی گەیشتنیان بە هاوڵاتییان بۆ ڕۆشنبیری مەدەنی تەرخانکرد، وەک ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی ئەندامانی هەڵبژێردراو، پرۆسەی یاسادانان و بڕیاردان لە ئەنجوومەنی نوێنەران و نێو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن.

بە پێشکەشکردنی بنەمای تێگەیشتن بە هاوڵاتییان دەربارەی پرۆسەی سیاسی، پەرلەمانتارو یاریدەدەرەکەی توانیان پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هاوڵاتییان لە بازنەی هەڵبژاردندا دروستبکەن و توانیان باشتر بەدەنگەوەبێن بۆ پێداویستی و پێشبینییەکانی هاوڵاتییان. پەرلەمانتارەکە گوتی:»ئەم [ڕۆشنبیرکردنە مەدەنییە] بووە هۆی زیادکردنی پەسندکردنی هاوڵاتییان بۆ ئێمە». «ئێمە ڕاستگۆ بووین لەگەڵ هاوڵاتیان دەربارەی ئەوەی چیمان پێدەکرێت و پێناکرێت و بەمشێوەیە متمانەی ئەوانمان بەدەستهێنا».

هەروەها پەیوەندیکردن بە هاوڵاتییانەوە، کۆکردنەوەو بەدەنگەوەهاتن بۆ ئەو کێشانەی کە بە نووسینگەکە دران لە خۆیگرت، لە

هەر پێنج نووسینگەی پەرلەمانتار شەوقی. پەرلەمانتارەکە ١٠١٥ کێشەی وەرگرت و ٣٤% یانی لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا چارەسەرکرد. بەڵام بێجگە لە کارکردن لەسەر کێشەکان، دەبێت کەسانی هەڵبژێردراو کاربکەن بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاری بەرفراوانی دامەزراوەیی بۆ چارەسەرکردنی سیستماتیکی زیاتری کێشەکان لەڕێگەی سیاساتی گشتی. هەروەها پەیوەست بەمە، پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی کاری کرد لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارانەی کە پشتگیریدەکردن، وەک پەرلەمانتار شەوقی و هاوکارەکەی بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کێشەکان و بۆ دیاریکردنی رەوت و بابەتە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی گەر بکرێت بەشێوەیەکی کاریگەرترو فراوانتر چارەسەربکرێن لەرێگەی سیاسات یان یاسا. بەند لەسەر ئەو کێشانەی کە دران بە نووسینگەکەی، پەرلەمانتارەکە کێشەی بێکاری لاوانی دیارکرد وەک پرسی هەرە گەورەی بازنەی هەڵبژاردنی.

بە سوودوەرگرتن لەو زانیارییانە، پەرلەمانتارو یاریدەدەرەکەی زنجیرەیەک دانیشتنی گفتوگۆی سیاساتیان لەسەر بێکاری لاوان لەگەڵ لایەنەکانی خاوەنبەرژەوەندی لە پارێزگاکەدا ئەنجامداو سیاسەتێکیان دارشت کە پێشنیاری دروستکردنی ئەکادیمیایەکیان دەکرد بۆ لاوان بۆ ئەوەی راهێنانیان پێبکرێت لەسەر بواری جیاجیای بەرهەمەکانی پیشەسازی نەوت. پاش بەدەستهێنانی پشتگیری گەورەی هاوڵاتیانی بازنەی هەڵبژاردن و لایەنەکانی خاوەنبەرژەوەندی. وەک دەرەنجامێک بۆ ئەوە، حکومەت ئامادەیی دەربڕی بە دامەزراندنی ئەکادیمیای راهێنان.

سەرباری دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ هاوڵاتیانی نێو بازنەکەی، کاری گەیشتنی پەرلەمانتار شەوقی بە هاوڵاتییان سەلماندی کەوا بەهایەکی گەورەی بۆ پارتەکەی زیادکردووەو، بواری بە پەرلەمانتار شەوقی دا کە متمانە و ناوبانگ لەنێو پارتەکەیدا بۆی دروستببێت. هەرچەندە کە بڕیاریدا خۆی کاندید نەکات بۆ خولی دووەم، بەڵام سەرکردایەتی پارتەکەی راستەوخۆ پەیوەندی پێوەکرد و داوای لێکرد کە ئەو ببێت بە کاندید بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی مانگی ئایاری ٢٠١٨. لەو کاتەی ئەمە وەک داواکاریەکی جێگەی ترس و بارگرانی بوو بۆ کەسێکی هەڵبژێردراو، ئەمە پیشانی پەرلەمانتارو پارتەکەیدا کەوا بوونی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ هاوڵاتیاندا دەکرێت ببێتە هۆی کاریگەرییەکی بەرفراوانی باش لەسەر هاوڵاتییان و کەسانی هەڵبژێردراو و پارتە سیاسییەکان.

## خالد ئەل مەفرەجی، موتەحیدون، کەرکوک

وەک گەلێک لە هاوتاکانی لە پەرلەمان لە کات و لە دوای داگیرکاری داعش، پەرلەمانتار خالد رووبەڕووی بەرنگاری پاراستنی پەیوەندیکردنی بە کەسانی ئاوارەی بازنەی هەڵبژاردنی لە کەرکوک بووەوە.

بۆ کەمکردنەوەی هەندێک لەو بەربەستانە، پەرلەمانتار چەند هەوڵێکی جەخت لەسەرکراویدا بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێزی کارکردن لەگەڵ چەند لایەنێکی سیاسی و کاریگەردا بۆ مسوگەرکردنی ئەوەی کە ئەو دەتوانێ بە باشترین شێوە بەدەنگەوەبێت بۆ پێداویستیی هاوڵاتییانی بازنەکە. بۆ نمونە، کۆبوونەوەو سەردانیکردنی پەرلەمانتاران بۆ لای هەموو نەژادو تایفەکان رێگەی پێدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتییانی بازنەکە، وەک ئاسانکردنی گەشتکردن لەنێوان هەرێمی کوردستان و عیراق بۆ چارەسەری پزیشکی و گەشتکردن بە خاڵەکانی پشکنینی ئاسایشدا.

بۆ پەلەکردن لە رزگارکردنی ناوچەکانی ژێردەستی داعش و بۆ ئەوەی کە کەرکوکیش بخرێتە نێو پرۆسەی شەڕی رزگارکردنی پارێزگاکان لە دەست داعش، پەرلەمانتارەکە هەڵمەتێکی بەرفراوانی لەرێگەی میدیاوە دەستپێکرد بۆ فشارخستنە سەر حکومەت لە پەلەکردن لە پرۆسەی رزگارکردن. هەروەها هەڵمەتی میدیا سرنجی بۆ ئەو راستییەی راکێشا کەوا هێزی ئامادە لە ناوچەکەدا




پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی پەیڕەوی ئەنجامدانی «سیاسەتی دەرگای کراوە» بۆ گەیشتن بە هاوڵاتییان کرد. دەبێت نووسینگەکان ئامادەبن کە پێشوازی لە هەموو ئەو کەسانە بکەن کە لە بازنەی هەڵبژاردندا دەژین دوور لە باکگراوندی سیاسی و نەژادیان. نووسینگەی پەرلەمانتار خالد مەفرەجی نمونەیەکی روونی ئەو سیاسەتەیە. لە ماوەی ٣ ساڵدا، نووسینگەکەی پێشوازی لە زیاتر لە ٤٠٠٠ هاوڵاتی کرد. ئەوانەی کە سەردانی نووسینگەکەیان کرد لە نەژادە جیاجیاکان وەک یەک بوو و یان زیاتر بوون لە نەژادی ئەوانەی کە لە هەمان نەژادی پەرلەمانتارەکە بوون.

هەن. ئەو هەڵمەتەی راگەیاندن سەلماندی کەوا کاریگەر بوو چونکە پاش ماوەیەکی کورت، پلانەکان دانران بۆ دەستکردن بە رزگارکردنی حەویجە.

لەو کاتەی کە رزگارکردنی حەویجە نزیک دەبووەوە، پێشبینی رووداونی قەیرانێکی مرۆیی دەکرا لە دەرەنجامی هاتنی ئاوارەکان بۆ سەرانسەری پارێزگاکە، نووسینگەی پەرلەمانتارەکە چەند گروپێکی خۆبەخشی لاوانی دروستکرد بۆ کارکردن لەگەڵ نووسینگەکەیدا بۆ ئاسانکردنی هاتنی ئەو کەسانەی کە دەگەڕانەوە بۆ ناو کەرکوک. ئەو گروپە خۆبەخشانەی لاوان ئەرکیان بریتی بوو لە پێشکەشکردنی خواردن و ئاوو پێداویستی تر بۆ ئەو کەسانەی کە دەگەڕانەوە. هەروەها گروپەکانی خۆبەخشان بەرپرسبوون لە دیاریکردنی پێداویستی و خزمەتگوزاری تر کە ئاوارەکان پێویستیان پێبوو و زانیان کەوا بەهۆی نەبوونی پێداویستی لەو کاتەی کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدا دەژیان، گەلێکیان بە هۆی باری خراپی تەندروستیان دەناڵاند. بە هۆی نەبوونی نۆرینگەی تەندروستی یان نەخۆشخانە بۆ پشتگیریکردنی گەیشتنی ئاوارەکانی ناوخۆ، پەرلەمانتارو هاوکارەکەی چەند خۆبەخشێکی پزیشکی و دکتۆریان دامەزراندو هەروەها دەرمان و پێداویستیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی بەسەر ئاوارەکاندا دابەش بکرێت لە سەرانسەری پارێزگاکەدا.

لە کاتی ئامادەکاریدا بۆ رزگارکردن، پەرلەمانتارو هاوکارەکەی پێشبینی رووداونی قەیرانێکی مرۆییان کرد چونکە پێشبینی دەکرا کەوا هەزارەها خەڵک ئاوارە ببێت بەبێ بوونی خواردن و ئاو یان پشتگیری پزیشکی. لەبەرئەوە، بە پشتگیری پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی، نووسینگەکە گفتوگۆیەکی سیاساتی بۆ ٣٣ لاوی خۆبەخش رێکخست، ئەوانەی کە نووسینگەکە توانیبووی دایانبمەزرێنێت بۆ ئەوەی یارمەتی مرۆیی پێشکەش بەو کەسانە بکەن کە لە ناوچەی شەڕ هەڵدەهاتن.

## سەباح ئەل تمیمی، ئەل وەتەنییە، بەغداد

لە ماوەی خولی ٢٠١٤ - ٢٠١٨ی پەرلەمان، هەوڵی زۆری پەرلەمانتار سەباح ئەل تەمیمی لەنێو پەرلەماندا جەختکردنەوە بوو لەسەر بەستنەوەی کاری گەیشتنی بە هاوڵاتییان بە بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی پەرلەمانی.



بۆ نمونە، وەک ئەندامی لیژنەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە، گەلێک گەندەڵی ئاشکراکرد کە بوونە هۆکاری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خراپ، لەنێویانەوە، ئاو، کارەباو کۆکردنەوەی خاشاک. خاتوو سەباح پۆستی خۆی لەنێو لیژنەکەداو ناوبانگی باشی خۆی لەنێو بازنەی هەڵبژاردنیدا بەکارهێنا بۆ ئەوەی سەرنجی حکومەت بۆ ئەو گەندەڵییانە رابکێشێت و لە زۆربەی بارەکاندا توانی بەسەرکەوتووی خزمەتگوزاری بۆ بازنەی هەڵبژاردنی بگەڕێنێتەوە.

هەروەها، پەرلەمانتارەکە چەند سەردانێکی مەیدانی ئەنجامدا بۆ هەڵسەنگاندنی بارو خزمەتگوزاری لە گەڕەکەکانی بازنەی هەڵبژاردنیدا. لە کاتی سەردانێکی مەیدانی بۆ دوو گەڕەک لە بەغداد، زانی کەوا خاشاک بەشێوەیەکی رێکوپێک کۆنکراوەتەوە. لە بەدەنگەوەهاتنی ئەو کێشەیە، خاتوو سەباح پەیوەندیکرد بە بەڕێوەبەرانی بەرپرس لە شارەوانی بەغدادو کێشەکە بە خێرایی چارەسەرکرا بە خاوێنکردنەوەی شوێنەکەو دانانی کۆنتێنەری نوێی خاشاک لە ناوچەکەدا.

هەروەها پەرلەمانتار بووبە پرد لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت چونکە بەجدی کاری دەکرد بۆ پاراستنی پەیوەندی هاوکاری باش لەگەڵ بەرپرسانی راپەڕاندن تا پشتگیری بکات لە کاری گەیشتن بە هاوڵاتیانی نێو بازنەکەی.

بۆ نمونە، وەک نیشانەیەک بۆ هاوکاری نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن، پەرلەمانتارەکە بە یاوەری سەرۆکی شارەوانی بەغداد سەردانی بازاڕی ئەعزەمییەی کرد بۆ گوێگرتن لە نیگەرانی فرۆشیارو کڕیاران. پەرلەمانتارەکە زانی کەوا فرۆشیارەکان زۆربەی شۆستەی شەقامەکانیان بەشێوەیەکی نایاسایی داگیرکردووە، ئەمەش وایکردبوو کە هاتووچۆ تەنها لەناو شەقامدا بکرێت. پەرلەمانتارەکە ناوەندگیریکرد لەنێوان فرۆشیاران و بەرپرسی شارەوانی و هەردوو لایەن گەیشتنە رێکەوتنێک بۆ هاوبەشیکردن بە شوێنەکە بە بەپێی پێداویستیان و رێوشوێنەکانی شارەوانی.

وەک گەلێک لەو نووسینگانەی پەیوەندیکردن و گەیشتن بە هاوڵاتیان کە پەیمانگەی دیموکراسی نیشتمانی پاڵپشتی کرد، پەرلەمانتار ئەل تەمیمی و یاریدەدەرەکەی باس لە نیگەرانیان کرد دەربارەی رێکخستنی دانیشتنی گفتوگۆی سیاسات بە هۆی بوونی بەرنگاری ئەمنی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پاش رێکخستنی یەکەم گفتوگۆی سیاسات و بینینی سوودەکانی بەشداریکردن، پەرلەمانتار ئەم ئامرازەی بۆ رێگەکانی گەیشتن بە هاوڵاتیانی نێو بازنەکەی زیادکرد. پەرلەمانتار ئەل تەمیمی گوتی: «گفتوگۆی سیاسات هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە هەبوون لەنێوان ئێمەو هاوڵاتیاندا تێکشکاندن و بووە هۆی گفتوگۆیەکی جدی و کراوە.



وێنەیەکی روونی کێشەکەی پێشکەشکرد و چۆن چارەسەر دەکرێت».

پەرلەمانتار گفتوگۆی سیاساتی بەکارهێنا بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی باری کارکردنی کارمەندانی فرۆکەوانی مەدەنی. لەڕێگەی ئەو گفتوگۆیانەوە، پەرلەمانتار زانی کە هەندێ لە کارمەندان چەند مانگێکە موچەیان وەرنەگرتووە بەهۆی نەبوونی ڕێوشوێنی کارکردن کە مافیان بپارێزێت. پاش کۆبوونەوە لەگەڵ زیاتر لە ٢٠٠ کەسی خاوەنبەرژەوندی کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو کێشەیە، پەرلەمانتار و یاریدەدەرەکەی پێشنیارێکی سیاسەتیان دارشت کە وردەکاری چەند راسپاردەیەکی لەخۆگرتبوو بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی باری کارکردن لە فرۆکەخانەو بۆ پاراستنی مافی کارمەندانی فرۆکەوانی مەدەنی.

## نەجات ئەل عۆبێدی، موتەحیدون، ئەنبار

سەدان هەزار هاوڵاتی بەهۆی داگیرکاری داعش و شەڕی دژی گروپە یاخیبووەکان پارێزگای ئەنباریان جێهێشت. هاوڵاتیان لەسەرانسەری وڵاتدا بڵاوەیان کرد، زۆریان هەڵاتن بەرەو بەغدادو هەرێمی کوردستان. لەبەرئەوەی زۆرینەی هاوڵاتیانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانتار نەجات ببوون بە ئاوارە لە هەولێر، پەرلەمانتارەکە بڕیاریدا کە شوێنی نیشتەجێکردنی بگۆڕێت بۆ هەولێر بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خزمەتیان بکات.

بەڵام هاوڵاتیانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی لە وڵاتدا پەرش و بڵاوببوون، کە ئەمەش بووە هۆی بوونی بەرنگارییەکی گەورەو پێویستی بە هەوڵی گەورەی پەرلەمانتارو هاوکارەکەی هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێ بەشداری بە هەموو هاوڵاتیانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیدا بکات تا گوێیان بۆ بگرێت و هەوڵی بەدەنگەوەهاتنی پێداویستی و نیگرانییە هەرە پێویستییەکانیان بدات.

بۆ نزیکەی دوو ساڵ، پەرلەمانتار کاتەکەی دابەشکرد بۆ گەشتکردن لێرەو لەوێ بۆ ئەو ناوچانە بۆ سەرپەرشتیکردن لەسەر دابەشکردنی یارمەتی بۆ ئاوارەکان کە لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانی مرۆیی پێشکەش دەکرا.

وەک گەلێکجار لە کاتی قەیراندا، پەرلەمانتار درکی بەوە کرد کەوا یارمەتییەکان بەشێوەیەکی گونجاو دابەش ناکرێن، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە خۆی لەوێ نەدەبوو بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی دابەشکردنی یارمەتی بەسەر ئەو ئاوارانەی کە لەدەرەوەی کەمپەکان دەژیان. لەبەر ئەوە، ئەو هەوڵەوکانی چڕکردەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام لە کەمپەکانی ئاوارەکان لەگەڵ ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە یارمەتیان بارکردبوو و بەدرێژایی دوو ساڵ دەبینرا، پەرلەمانتار و یاریدەدەرەکەی پشتیگیریان لەدابەشکردنی یارمەتی بۆ زیاتر لە ٦٥٠٠ کەسی بازنەی هەڵبژاردنی کرد.

زیاد لەوەش، پابەندبوونی پەرلەمانتارەکە بەتێکەڵاوبوون و نزیکی لە هاوڵاتیانی بازنەی هەڵبژاردنەکەی وەک دەکرا گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی پەرلەمانتارەکەدا کرد دەربارەی گەیشتن بە هاوڵاتیان. بنەمای گەیشتنی کاریگەر بە هاوڵاتیان بریتییە لە ئەنجامدانی پەیوەندیکردن بە هاوڵاتیان و پاراستنی ئەو پەیوەندییە بەشێوەیەکی بەردەوام.


لە سەرەتادا، پەرلەمانتار دڵنیا نەبوو دەربارەی ئاستی هەوڵی پێویست و دەرەنجامی شاراوەی دانیشتنی سیاسات، پاش بەدەرکەوتنی سوودەکان، پەرلەمانتارەکە گوتی: « لەسەرەتای بەشداریکردنم لەو پرۆگرامەدا، سەردانی هاوڵاتییەکی بازنەی هەڵبژاردنم کرد لەو کاتەی کە لە نەخۆشخانە بوو بۆ ئەوەی لە ئەحواڵی بپرسم» . پەرلەمانتارەکە گوتی «پاش ٣ ساڵ و ئەو کاتە هات کە خۆم دووبارە کاندید بکەمەوە بۆ خولێکی تر، تەلەفۆنێکم بۆ هات لە هەمان ئەو پیاوەو گوتی کە ئەو منی لەبیرنەکردووە [تەلەفۆنەکە] و دووبارە دەنگم پێدەدات.»

بەهۆی بڵاوبوونەوەی هاوڵاتیانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی لە سەرانسەری پارێزگا جیاوازەکان و ئەستەمبوونی سەرکەوتن بەسەر بەرنگارییە مرۆییەکاندا، پەرلەمانتارو یاریدەدەرەکەی بە ئەستەمیان زانی کە دانیشتنی گفتوگۆی سیاسات سازبکەن لەسەر پرسی سیستماتیکی ماوە مامناوەند یان درێژخایەن لەوکاتەی کە هاوڵاتیانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی پێداویستی هەرە بەپەلەی هەن کە پێویستە چارەسەربکرێن.

یدەدەری پەرلەمانتارەکە گوتی: «ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە کە بەشداربووان داوای خواردن و بەتانیە بکەن لە کاتی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکاندا». بە زانینی ئەوەی کە پێویستە هاوسەنگییەک لەنێوان کاری بەپەلەی پەرلەمانتار بۆ دابینکردنی یارمەتی مرۆیی و بەرپرسیارێتییەکانی وەک پەرلەمانتار دروستبکرێت، پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانی لەگەڵ پەرلەمانتارەکە کاری کرد بۆ داڕشتنی دانیشتنی گفتوگۆیەکی سیاسەت و ستراتیجییەتی گەیشتن بە هاوڵاتیان بۆ یارمەتیدان لە دیاریکردنی چەند پێشبینییەکی هاوڵاتییان پێش بەشداریکردنیان لە دانیشتنەکەدا.

بە بوونی ستراتیجییەتەکە، نووسینگەی پەرلەمانتارەکە توانی زنجیرەیەک گفتوگۆ دەربارەی لاوانی ئاوارەو خوێندن سازبکات. پەرلەمانتارەکە گوتی: «ئەو ئامۆژگاری و ڕێگەیانەی کە لە لایەن پەیمانگەی دیمۆکراسی نیشتمانییەوە پێشکەشکران سەلماندیان کەوا سەرکەوتوون». هەروەها پەرلەمانتارەکە گوتی: «دوای هەر گفتوگۆیەکی سیاسات، بەشداربووان داوایان لە ئێمە دەکرد کە گفتوگۆی زیاتر سازبکەین پاش ئەوەی زانیان کەوا ئەوە کات و شوێنی راستە بۆ پێشکەشکردنی بیروبۆچوونیان دەربارەی هەندێ لە پرسەکان».

## کێشەکانی هاوڵاتییان




پاش شیکردنەوەی ئەو کێشانەی کە وەرگیران، بۆ ئەو نووسینگەیە بەدەرکەوت کەوا کێشەی ئاوارەکانی ناوخۆ زاڵە. لەبەرئەوە، ئەو کێشەیەیان هەڵبژارد وەک بابەتی سیاسەتی خۆیان لە هەوڵەکانیاندا بۆ گۆڕانکاری.

## باشترین پراکتیزەکردن و ئەو وانانەی کە لێی فێربوون

**دڵنیابە لەوەی کە هەوڵەکانی گەیشتن بە هاوڵاتیان هەموو دەنگەکان لەخۆدەگرێت.** پەرلەمانتار نوێنەرایەتی هەموو هاوڵاتییانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی دەکات بەبێ گوێدانە ڕەگەزو نەژادو ئایین و تایفە یان باری ئابووری -کۆمەڵایەتییان. لەبەرئەوە، دەبێت پەرلەمانتارو یاریدەدەرەکانیان هەوڵبدەن بەشداری بە هەموو هاوڵاتیان بکەن لە کاری گەیشتنیان بە هاوڵاتییان، بەتایبەتی ئەو گروپانەی کە پشتگوێخراون وەک ئافرەتان و لاوان و کەمینەکان، ئەوەش بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەوان بەشێوەیەکی کاریگەر نوێنەرایەتی پێداویستی و ئەولەویاتی هەر تاکێکی نێو بازنەی هەڵبژاردنیان دەکەن. ئەمە بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەیە کەوا نووسینگەکانی پەیوەندیکردن و گەیشتن بە هاوڵاتییان بەردەستبن بۆ گروپە جیاجیاکان و پێشوازیان لێدەکرێت، هەروەها بەرپرسانی هەڵبژێردراویش هەوڵی جدی دەدەن بۆ گەیشتن بە هاوڵاتییان لە هەموو نەژادو تایفەکان. ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی متمانە لەنێوان هاوڵاتیاندا کاتێک دەبینن کەوا پەرلەمانتار کاردەکات بۆ خزمەتکردنی هەموو هاوڵاتیانی نێو کۆمەڵگەکەو نەک تەنها کار بۆ ئەوانە دەکات کە سەربە گروپی تایفەی یان ئایینی خۆیان.

**پارێزگاری لە بەشدارییپێکردنی بەردەوام بکە بۆ دروستکردنی متمانەو هێڵی کراوەی پەیوەندیکردن و گەیاندن لەنێوان هاوڵاتییان و حکومەت.** لەڕێگەی گەیشتن و بەشدارییپێکردنی بەردەوام بە هاوڵاتییان، بەرپرسانی هەڵبژێردراو دەتوانن کاربکەن بۆ دروستکردنی متمانە بە حکومەت. لەو کاتەی کە ئەرکی یەکەمیان نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندی هاوڵاتیانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیانە لەنێو پەرلەمان، هەروەها ئەوان روخساری حکومەتن و دەبێت بەرنامەکە بەکاربێنن بۆ ئاگادارکردنی هاوڵاتییان لەسەر پێشڤەچوون و گەڕانەوە بەرەو دواوەی چالاکییەکانی حکومەت و زانیاری کۆبکەنەوە بۆ پێزانینی سیاسەت و یاساکانی حکومەت. ئەم کەناڵە دوو سەرەی پەیوەندیکردن ڕێگە دەدات بە ئاستێکی بەرزتر لە شەفافییەت و لێپێچینەوەی لە حکومەت و دەرفەتێک بە هاوڵاتییان دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش بەشداربن لە پرۆسەی سیاسی. لەبەرئەوە، هەر شێوازێکی گەیشتن بە هاوڵاتییان بەهایەک دەبەخشێت و دەبێت پەرلەمانتاران و یاریدەدەرەکانیان بەشداریبکەن لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە هاوڵاتیان هەر کاتێک بکرێت. بۆ نموونە، پەرلەمانتارێک پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ١٠ هاوڵاتی دەکرد لە دوای نیوەڕۆی ڕۆژانی هەینی و ئەوان بوونە هۆی بە ناوبانگکردنی پەرلەمانتارەکە وەک بەرپرسێکی متمانە پێکراو، کە هەروەها ئەمە گرنگی خۆی هەبوو لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا چونکە هاوڵاتییان وێنەیەکی ئەرێنی ئەو پەرلەمانتارە لایان دروست بووبوو.

**یاساو سیاساتی بەدەنگەوەهاتوو و گشتگیر دابڕێژە.** گەیشتن بە هاوڵاتیان یەکێکە لە باشترین ڕێگە بۆ دیاریکردنی پێداویستی و ئەولەویاتی هاوڵاتییان لەپێناو سوودوەرگرتن لێیان بۆ داڕشتنی سیاسات و یاساکانی حکومەت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەنگەوەدێن بۆ هاوڵاتییان. ڕاستە کە بەرپرسانی هەڵبژێردراو سیاساتی حکومەت دانانێن، بەڵام دەتوانن پرۆسەی داڕشتنەکە پڕ زانیاری بکەن. بە بەکارهێنانی ئامرازی وەک ڕاپۆرتی سیاسات، بەرپرسانی هەڵبژێردراو دەتوانن ئەو زانیاریانەی کە کۆدەکەنەوە لەڕێگەی گەیشتن بە هاوڵاتیان بەکاربهێنن بۆ دانانی ڕاسپاردە و پێوەر کە پێویستە پەیڕەو بکرێن. بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوڵاتیانی نێو بازنەی هەڵبژاردن، چ لەڕێگەی کۆبوونەوەی ڕووبەڕووی دوو کەسی بێت لە نووسینگەی پەیوەندیکردن و گەیشتن بە هاوڵاتیان یان لەڕێگەی گفتوگۆی بەئامانجکراوی سیاسات بێت، تیشک دەخاتە سەر پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی (ڕاستەوخۆی) کۆمەڵگە، هەروەها گۆڕانکاری سیستیماتیکی درێژخایەن، وەک چاکسازی لە بواری خوێندن، باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و سوودەکانی چاودێری تەندروستی. بە بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە لە داڕشتنی سیاسات و یاسا، دەکرێت پێشانی هاوڵاتییان بدرێت کەوا بەرپرسانی

هەڵبژێردراو گوێیان بۆ دەگرن و نوێنەرایەتی پێداویستییەکانیان دەکەن لە نێو دەسەڵاتی یاسادانان و لە پارتە سیاسییەکانیاندا. هەروەها دەکرێت ئەمە ببێتە هۆکاری چارەسەرکردنی نەبوونی متمانە لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەتدا.

**دەرفەت بۆ ڕۆشنبیرکردن و بەشداریکردنی مەدەنی دابینبکە.** سەرباری چالاکییەکانی گەیشتن بە هاوڵاتییان، دابینکردنی دەرفەتی کارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوڵاتییان بۆ بەرپرسانی هەڵبژێردراو، بوار دەرەخسێنیت بۆ هاوڵاتییان کە کارلێکردنیان هەبێت لەگەڵ پرۆسەی سیاسی پاش پرۆسەی دەنگدان. چالاکییەکانی گەیشتن بە هاوڵاتیان وەک دانیشتنەکانی گفتوگۆی سیاسات، گەشتەکانی گوێگرتن و تەنانەت سەردانیکردنی نووسینگەکانی پەرلەمانتاران بۆ پێشکەشکردنی کێشە، دەکرێت وەک خاڵی ئەرێنی کارلێکردن بێت لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەتدا. لەو کاتەی کە متمانە لەنێوان حکومەت و دامەزراوە سیاسییەکان نزمە، ئەو کارلێکردنە دەکرێت یارمەتیبدات لە دووبارە دروستکردنەوەی ئەو پەیوەندی و متمانەیە.

زیاد لەوەش، لە وڵاتە دیموکراسییە تازەپێگەیشتوو، تێگەیشتن دەربارەی پرۆسەی سیاسی و بەرپرسیارێتی دامەزراوە جیاجیاکان زۆرجار سنووردارەوە نیگەرانییەکە هەمیشە بەرپرسانی هەبژێردراو باسیان کردووە کەوا هاوڵاتییان لە ڕۆڵیان تێناگەن یان چی لە دەسەڵات و توانایاندا هەیە کە چارەسەری بکەن. چالاکییەکانی گەیشتن بە هاوڵاتیان دەکرێت دەرچەیەکی پێزانین بە بەرپرسانی هەڵبژێردراو بدات تا یارمەتیان بدات لە دروستکردنی هۆشیاری مەدەنی و تێگەیشتن، بۆ نموونە لەڕێگەی ڕوونکردنەوەی کەوا چۆن وەزارەتێکی دیاریکراو چارەسەری کێشەیەک دەکات یان چۆن یاسایەکی پێشنیارکراو قۆناغەکانی لەڕێگەی پرۆسەی بڕیاردان لەنێو پەرلەماندا دەبڕێت.

**پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت لەسەر ئاستی خۆجێی و نیشتمانی دروستبکە.** زۆرجار، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دراون بە نووسینگەکانی پەرلەمانتاران، پێویستە پەرلەمانتار هەماهەنگی بکات و پرسەکە لەگەڵ دامەزراوەیەکی تایبەتی حکومەت یان بەشێکی حکومەت باسبکات. چونکە دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ بەرپرسانی ڕاپەراندن بۆ پشتیگیرکردن لە کاری گەیشتن بە هاوڵاتیان سەرچاوەو ئامرازی گرنگن بۆ بەرپرسانی هەڵبژێردراو. دەکرێت هاوبەشیبکات لە زیادکردنی کارایی و بەدەنگەوەهاتن بۆ کێشەکە گەر پەرلەمانتار بتوانێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ دامەزراوەی حکومەت کاربکات و بوار بە پەرلەمانتار دەدات کە ببێت بە پردی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و حکومەت لەڕێگەی سەرنجڕاکێشان بۆ پێداویستی تایبەتی کۆمەڵگە.

**با ئامادەبوون و بەشداربوونت هەبێت لە کاتی قەیران و قۆناغی گواستنەوەدا.** بەشداریکردن لە کاری گەیشتن بە هاوڵاتیان لە کاتی بوونی تووندوتیژی یان ڕاستەوخۆ دوای ڕووودانیان لەوانەیە مانادار یان بەرهەمدارنەبێت چونکە ئەو کاتی هاوڵاتییان زیاتر پێویستییان بە هاوکاری هەرە پێویستی مرۆیی هەیە. لەو کاتەی کە بەرپرسێکی هەڵبژێردراو دەتوانێت گەلێک لەو یارمەتییە پێویستە دابینبکات، بەشداریکردنی بەردەوام و مانەوەی لەنێو هاوڵاتییاندا هاوئاهەنگی پیشان دەدات و دەرفەت دەرەخسێنیت بۆ چارەسەرکردنی پێداویستی کورت خایەن و ناوەندخایەن. کۆبوونەوە لەگەڵ هاوڵاتیان لەکاتی گەشتەکانی گوێگرتندا لە کەمپەکانی ئاوارەکان یان لەنێو کۆمەڵگەکانی میوانداردا، کردنەوەی نووسینگەی کاتی گەیشتن بە هاوڵاتییان و بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی گفتوگۆی سیاسات، دەکرێت سەرنج بۆ نیگەرانی و ئەولەویاتی هاوڵاتییان ڕابکێشرێت دوای بەدەنگەوەهاتن بۆ پێداویستییە هەرەسەرەکییەکانیان و زانیاری پڕ بەها پێشکەش بە پەرلەمانتار بکات کە دەکرێت یارمەتییان بدات کاتێک هەوڵ دەدەن گۆڕانکاری زیاتری سیستماتیکی و دامەزراوەیی دروستبکەن بۆ پاڵپشتی درێژخایەن و پەرەپێدان. سەرباری ئەوەش، لەو کاتەی کە گەلێک لە ڕێکارەکانی حکومەت جێگیرن و زۆرجار ناتوانن مامەڵە لەگەڵ باری فریاکەوتن بکەن، بەرپرسانی هەڵبژێردراوو یاریدەدەرەکانیان

دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێرن لە ئاسانکردنی بەرێوەبردنی پرۆسەکە بەشێوەیەکی کاتی بۆ ئەوەی بە پەلە بەدەنگەوەبێن.

**نووسینگەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڵاتییان بکەرەوە بۆ ئەوەی راستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ هاوڵاتییاندا بکەیت و بەشداریان پێبکەیت.** یەکێک لە باشترین ئامرازەکانی گەیشتن بە هاوڵاتییان بۆ پەرلەمانتاران، نووسینگەی پەیوەندیکردن و گەیشتنە بە هاوڵاتییان. ئەو نووسینگانە دەرفەت بە پەرلەمانتاران دەدەن کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا، خۆیان و یاریدەدەرەکانیان میوانداری هاوڵاتییان بکەن بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەکە.

هەروەها ئەو نووسینگانە شوێنێکن بۆ بە مەرکەزیکردن و رێکخستنی زانیارییەکان وەک دۆسیێ کێشەکان و سکاڵاکان کە لە لایەن هاوڵاتییانەوە پێشکەش دەکرێن کە دەکرێت دواتر بەکاربهێنرێن بۆ زانینی ئەولەویاتی سیاسات و یاساکان، هەروەها بینە ئامار لەسەر دەستکەوتەکانی پەرلەمانتاران و تۆماری بەشداریکردن بن کە دەکرێت لە کاتی پەیامی هەڵمەتکردندا و هەواڵنامەی گشتیدا بەکاربهێنرێن. لە پارێزگا گەورەکاندا یان لەو بارانەی کە هاوڵاتییانی نێو بازنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانتار دابەشبوونە بەسەر چەند پارێزگایەکدا بەهۆی بە ئاوارە بوونیان ، دەکرێت پەرلەمانتار نووسینگەی لاوەکی بکاتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڵاتییانی نێو بازنەکەیدا بکات. دەبێت هەر نووسینگەیەک ستافێکی بۆ تەرخانبکرێت کە پێی دەگوترێت یاریدەدەر بۆ ئەوەی چالاکییەکانی رۆژانە بەرێوەببات بەڵام هەموو زانیارییەکان، بەتایبەتی کێشەکان و ئامارەکانی تر بنێردرێن بۆ نووسینگەی سەرەکی.

**لە نووسینگەی پەیوەندیکردن و گەیشتن بە هاوڵاتییان، یاریدەدەرێک بەکار بێنە.** یاریدەدەرانی پەرلەمانتاران لە نووسینگەکاندا سەرپەرشتی لەسەر چالاکییەکانی رۆژانەی نووسینگەکە دەکەن، لەنێویانەوە، رێکخستنی چالاکی بۆ پەرلەمانتاران، دانیشتنەکانی گوێگرتن بۆ گرووپەکانی خاوەن بەرژەوەندی و دانیشتنی پێدانی زانیاری دەرباری خزمەتگوزاری حکومەت. ئەو یاریدەدەرانە «روخساری» پەیوەندی پەرلەمانتارن لەگەڵ کۆمەڵگەکانیانداو یارمەتی دەدەن لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان هاوڵاتیان و پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانییان و هەروەها لەگەڵ وەزارەتەکانی پەیوەندار یان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەربن، دەبێت متمانەی دوولایەنە هەبێت لەنێوان پەرلەمانتارو یاریدەدەر بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران متمانەیان هەبێت بە توانای یاریدەدەرەکان لە نووسینگەکان تا بەشێوەیەکی شیاو نوێنەرایەتیان بکەن لە بازنەکانی هەڵبژاردنیاندا.

**شێوازێکی رێکخراوو ستراتیجی پەیڕەو بکە بۆ گەیشتن بە هاوڵاتییانی بازنەی هەڵبژاردنت.** لە سەرەتای خولی پەرلەمانتاران و بەشێوەیەکی بەردەوام دواتر، دەبێت پەرلەمانتار بە هەماهەنگی لەگەڵ یاریدەدەرەکەی نەخشەیەک دابنێن بۆ چالاکی و پرۆتۆکۆلەکانی ناوخۆیی نووسینگە وەک کاتژمێرەکانی کارکردن و کاتی بڵاوکراوەکان و سەردانە رێکخراوەکانی پەرلەمانتار. هەروەها دەبێت ئەو پرۆسەیە دارشتنی ستراتیجییەتی گەیشتن بە هاوڵاتییان لە ماوەی کورتخایەن و درێژخایەن لەخۆبگرێت، بە دیاریکردنی چالاکییەکانی گشتی و دیاریکردنی چەند کاتێک بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر کاری نووسینگەکە. دەبێت گەیشتن بە هاوڵاتییان پلان بۆ دانراو و بەشێوەیەکی جێگیر جێبەجێبکرێت بەدرێژایی تەمەنی خولی پەرلەمانتار و نەوەک تەنها بەر لەماوەی سازکردنی هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت. ئەنجامدانی کاری گەیشتن بە هاوڵاتییان بەر لە سازکردنی هەڵبژاردن دەکرێت کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر پەرلەمانتارەکە چونکە وەها دەبنیرێن کە تەنها دەنگیان دەوێت و نەک لەبەر ئەوەی ئەوان پابەندن بە بازنەکانی هەڵبژاردنیانەوە. بەڵام، ئەگەر پەرلەمانتارێک سەلماندی کە کارامەیی باشی گەیشتن بە هاوڵاتییانی هەیەو پرۆفایلێکی گشتی ئەرێنی هەیە، ئەوا ئەمە دەبێتە بەهایەکی باش بۆ پارتە سیاسییەکەی چونکە دەبن بە سەرچاوەی زانیاری و کاندیدی بەهێز لە کاتی هەڵبژاردندا.

NDI